ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە
# ئۆکتۆبەر
72
25ی تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەری 2023



## نارەزایەتیەکان خولانەوە بەدەوری ئەڵقەیەکی بێکۆتایدا!

**موحسین کەریم**

کێشەی مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان وەکو ئەڵقەیەکی داخراوی لێهاتوە کە ڕێگای دەربازبوونی نیە! چ ڕێگایەک بگیرێتەبەر تا کرێکاران و فەرمانبەرانی کوردستان، بەوانەیان لەسەرکارن و ئەوانەشیان کە خانەنشینن، لەکاتی خۆیدا مانگانەکانیان وەربگرن!؟ مەسەلەی مووچە زەوتکراوەکانی ساڵانی ڕابردوو، وەکو دەوترێ چوەتە گەدەی نەهەنگەوە، بەڵام هیچ زەمانەتێکیش نیە کە بەرامبەر بەو کارەی ئێستا دەیکەن، مووچەیان پێبدرێ!

حکومەتێکی بێدەربەست کە ئامادەیە فەرمانڕەوایی بەسەرخەڵک بکات و باج و سەرانەیان لێ بستێنێ بەناوی جۆراوجۆرەوە، بەڵام ئامادە نیە نەک ئەرکەکانی خۆی بەرامبەر بە خەڵک جێبەجێ بکات، بەڵکو سادەترین ئەرک کە دانی مووچەیە بەرامبەر بەو کارەی فەرمانبەرەکانی دەیکەن، جێبەجێ ناکات! دەبێ چی بکرێ لەگەڵ ئەم حکومەتەدا!؟ ئایا وەکو ئەوەی خۆی بانگەشە دەکات، ئەرکی دانی مووچەی فەرمانبەرانی حکومەتی هەرێم لەسەر شانی بەغدایە! ئەگەر وایە ئەی کاری ئەم حکومەتە چیە؟ بۆچی بەخۆی دەڵێ حکومەت! بۆچی ڕاستەوڕاست ڕایناگەیەنێت کە هیچ پێگەیەکی سیاسی و ئیداری و فەرمانڕەوایی نیەو تەنها کلێشەیەکی بێبەهایەو دەسەڵاتی ڕاستەقینە لە بەغدایەو ئەمان هیچکارە نین! ئەگەریش بانگەشەی ئەوە دەکەن کە حکومەتن، بۆچی بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە هاوڵاتیانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان نیشان نادەن!؟ گومان لەوەدا نیە

بۆ لاپەڕە ٢

## بزوتنەوەی نارەزایەتی خەڵکی کرێکارو بێبەشی کوردستان بەبێ ڕێکخراوبوون و کۆبونەوە لەدەوری هێڵێکی سیاسی ڕادیکاڵی سۆشیالیستی و کۆمۆنیستی بە سەرکەوتن ناگات!



## ئەو سیاسەتەی لەپشت گۆشەگیرکردنی حەلبوسیەوەیە!

**عوسمانی حاجی مارف**

بۆ لاپەڕە ٣




## قسەوباسی وەستامەهدی لە پانێڵی (بەرەو ژیانێکی باشتر بۆکرێکاران)

بۆ لاپەڕە ٥

## پەیامێک بۆ چینی کرێکار لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

## سێیەمین بەیاننامەی هاوبەشی سێ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ناوچەکە

بۆ لاپەڕە ٧

## شەڕی ئیسرائیل لە دژی فەلەستینییەکان

**مەنسور حیکمەت**

بۆ لاپەڕە ٩

## لە ئۆکرانیاوە بۆ فەلەستین!

**عوسمانی حاجی مارف**

بۆ لاپەڕە ١٠

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**

# درێژەی.......نارەزایەتیەکان خولانەوە بەدەوری ئەڵقەیەکی بێکۆتایدا!

کە دەتوانن و ئەوەندە پارەو داهاتی کوردستان و خەڵکیان تاڵانکردوە، دەتوانن مووچەی چەند ساڵ نەک چەند مانگی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان بدەن بەبێ دواکەوتن! بەڵام ئەوان ئەوکارە ناکەن، چونکە وەکو کۆمەڵێک مافیای چەکدار کە ژیانی خەڵکیان بە بارمتەگرتوە، لەسەر حسابی ئەوان تاڵان و بڕۆی خۆیان درێژەپێدەدەن، ئەوان کاریان تاڵانکردن و ڕووتکردنەوەی خەڵکە نەک دابینکردنی ژیانی خەڵک!

ئەوان بەکردەوە ڕایانگەیاندوە کە ئامادە نین یەک دینار لە گیرفانی خۆیان بدەن بە فەرمانبەران و مووچەخۆرانی حکومی. بە سەد زمانیش ڕایانگەیاندوە کە ئەو مافەی خەڵک لای حکومەتی ناوەندیە نەک لای ئەوان، بەڵام بۆچی خەڵک دەسەڵاتداریێتیان لێ قبوڵ دەکات!؟ بۆچی ڕێگا دەدەن کە حکومەت بکەن بەسەریانەوە؟ گومان لەوەدا نیە کە ئەو مەسەلەیە کێشەیەکی سەرەکی و جدیە و هۆکاری سەرەکی مانەوەی ئەوانە وەکو فەرمانڕەوا بەسەرسەری خەڵکەوە.

مامۆستایان چەندین ساڵە و دەیان جاریش بایکۆتی دەوامیان کرد. دەیانجار خۆپیشاندانیان کرد. ناوبەناو فەرمانبەران و خانەنشینان و توێژە کەمدەرامەتەکانی کوردستانیش لەگەڵ ئەواندا ڕژانە سەر شەقامەکان و نارەزایەتیان دەربڕی، بەڵام هێشتاش وادەردەکەوێ کە سەرەتای کار بێت! بۆچی وایە؟ ئایا ڕێگایەکی کارساز هەیە بۆ تێپەڕاندنی ئەم دۆخەی نارەزایەتیەکان!؟

بەبڕوای من هەیە ئەگەربێتو جەماوەری مامۆستایان و فەرمانبەران و خەڵکی کەمدەرامەت و ناڕازی لەو ئەڵقە داخراوەی کە تێیدا دەسوڕێنەوە، دەربچن. ئەویش لەو ڕێگایەوە کە:

١/ کۆتایی بە پەرشوبڵاویی و ناڕێکخراوی خۆیان بهێنن. دەبێ مامۆستایان، فەرمانبەران و کارمەندانی حکومەت و خانەنشینان و جەماوەری زەحمەتکێش و ناڕازی خۆیان لە ڕێکخراوەی جەماوەری خۆیاندا ڕێک بخەن و پێکەوە کاربکەن و تۆڕی ڕێکخراوەی جەماوەری خەباتکاری خۆیان پێک بهێنن.

٢/ دەبێ هەوڵ بدەن نارەزایەتیەکان پێکەوە گرێبدەنەوە. بەرنامەی کار و خوستەکانیان و میکانیزمەکانی خەبات و فشارخستنە سەر دەسەڵاتداران یەک بخەن. یەکدەست و یەکدەنگ بەرامبەر بە حکومەتی هەرێم بوەستنەوە.

٣/ هەرجۆرە وەهمێک بە هێزەکانی ئۆپۆزیسۆنی بۆرژوازی لە ئیسلام و ناسیۆنالیست و پۆپۆلیستەکان و بە پڕوپاگەندەکانیان بۆ پشتیوانی لە نارەزایەتی و خواستەکانی جەماوەر، تەنها لەچوارچێوەی دۆخی ئێستادا ڕایاندەگرێ و لەناو ئەڵقەیەکی داخراوی خولانەوە بەدەوری خۆدا قەتیسیان دەکات.

٤/ کەوتنەژێر کاریگەری بەشێکی خودی دەسەڵاتدارانی کوردستان، بەوەی کە ئاراستەی نارەزایەتیەکان لەسەر حکومەتی هەرێمەوە ئاڕاستەی بەغدا دەکەن، کوشندەیە. یەکێتی نیشتمانی کە خۆی بەشێکە لە حکومەتی هەرێم و بەرپرسیارە لە هەموو ئەو بێمافیانەی کە ڕوبەڕوی خەڵکی کوردستان و مووچەخۆران بۆتەوە، لەچوارچێوەی ململانێی خۆیدا لەگەڵ پارتی کە خاوەنی سەرەکی حکومەتی هەرێمە، ئەیەوێ نارەزایەتی خەڵک وەکو کارتی فشار بەکاربهێنێ و ڕێگای بەغدا دەخاتەبەردەم خەڵکی نارازی و مووچەخۆران!

٥/ تائێستا، سەرباری تورەیی خەڵک لە دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی و هاوئاوازەکانیان، سەرباری ئەوەی کە خواستی خۆیان بۆ لەناوچوونی ئەو دەسەڵاتە بە ئاشکرا ڕاگەیاندوە، بەڵام بەکردەوە هیچ هەنگاوێکی عەمەلی و کارسازیان لەڕووی ڕێکخراوەیی-سیاسیەوە بۆ ئەو مەسەلەیە نەهاویشتوە. ئایا خەڵکی ناڕازی ئەو پرسیارەیان لەخۆیان کردوە کە ئەگەر ئەم دەسەڵاتە بەوجۆرە بێدەربەست بێت و گوێ بە خواست و ژیانی خەڵک نەداتەوە، ئایا هەنگاوی داهاتویان چی دەبێت بەرامبەر بەو دەسەڵاتە!؟ بەداخەوە لەو دۆخەی نارەزایەتیەکانی تائێستا کە ئاماژەمان پێکردوە، ئەم پرسیارە وونە. بۆیە بەبێ چاسەرکردنی ئەو کەموکوڕیانەو سەرەنجام بەبێ دانانی ئەو پرسیارەو وەڵامەکەشی لەسەر مێزی خەڵکی ناڕازی و زەحمەتکێشی کوردستان، ئیمکانی دەرچوونی نارەزایەتیەکانی مامۆستایان و فەرمانبەران و خەڵک بەگشتی لەو ئەڵقە داخراوە نیە!


ئۆکتۆبەر

**ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

سەرنوسەر : موحسن کەریم

ڤایبەر: 07700475533

مۆبایل:0044(0)7394013135

Muhsin_km@yahoo.com

ئۆکتۆبەر لە فەیسبووک:
October بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر

**ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!**



سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی : **عوسمانی حاجی مارف**

مۆبایل:00964(0)7701570050

Email: Osman_maruf@yahoo.com

سەرۆکی مەکتەبی سیاسی: **خەسرەو سایە**

00964(0)7701521043

Email: saya.xasraw@yahoo.co.uk

ڕێکخراوی دەرەوە: **دەشتی جەمال**

Mob: 0044(0)7856032991

Email: dashtyjamal@gmail.com

بەرپرسی سکرتاریەتی مەکتەبی سیاسی:

**جەمال موحسین**

0047(0)47276028

Email:krtariati.ms@gmail.com

# ئەو سیاسەتەی لە پشت گۆشەگیرکردنی حەلبوسیەوەیە!

عوسمانی حاجی مارف

بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی لە عێراق بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەندامەتی محەمەد حەلبوسی سەرۆکی پەرلەمان، سێبەرێک دەخاتە سەر دیمەنی سیاسی لە عێراقدا، کە دەرگای ئەگەری گۆڕانکاری ئاڵۆز لەبارەی ئایندەی حکومەت و هێزو لایەنە سیاسیەکان و لەهەمانکاتدا پرسیاری لەسەر ڕەوتە سیاسیەکانی عێراق وروژاندوە، بەتایبەتی ئەو هەوڵدانەیە کە بۆ جێگیرکردنی باڵا دەستی هێزی "چوارچێوەی هەماهەنگی" لە ئایندەی حکومەتی عێراقدا جەختی لەسەر دەکرێت. هاوکات "پارتی تەقەدوم" پارتەکەی حەلبوسی دەست لەکارکێشانەوەی وەزیرو جێگرەکانی لە پۆستەکان ڕاگەیاند، ئەمەش گرژیەکانی لە گۆڕەپانی سیاسی عێراقدا زیاتر کردووە لە ئایندەی دۆخی سیاسیدا چاوەڕوانی بارگرژی زیاتریش دەکرێت. ئەم هەنگاوە جۆرێکە لە پاشەکشەی حزبەکەی حەلبوسی لەنێو پێکهاتەی حکومەتی ئێستای عێراقدا.

لەژێر ڕۆشنایی ئەو بڕیارەی دادگای فیدراڵیدا، لایەنە سونەکان دۆشداماون لە چۆنیەتی دەربڕینی هەڵوێستی خۆیان، بەتایبەتی لەگەڵ کۆتایهاتنی ئەندامەتی حەلبوسی و ئەندامێتی نوێنەرەکەی، لەیث دولەیمی، لایەنە سونەکان ڕەوەندی جۆراوجۆر لەخۆدەگرن، لەدۆخێکی گومان و پێشبینی جیاوازدا دەژین سەبارەت بە پێشهاتە سیاسیەکانی عێراق لە داهاتوودا. ئەم پێشهاتانە لە کاتێکی هەستیاردا ڕوویداوە، کە حکومەت ئامادەکاری دەکات بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان، لەگەڵ پەرەسەندنی گرژیەکان و گۆڕانکاریەکان لە گۆڕەپانی سیاسی عێراقدا، وا دیارە قۆناغی داهاتو پڕ دەبێت لە ململانێ و تەحەدا. ئەو پرسیارە دێتەپێشێ، ئایا ڕێڕەوی هەڵبژاردنەکانی داهاتوو عێراق تووشی دۆخی ناسەقامگیری سیاسی زیاتر دەکات؟ ئەم پرسیارە تارماییەک دەخاتە سەر ئایندەی نادیاری عێراق، ئەمەش لەکاتێکدایە کە هەوڵە بەردەوامەکان بەناوی ڕووبەڕووبونەوەو بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی دەچێتە ژێر پەردەیەکی ڕەشەوە.

ئەوەی ئاشکرایە ڕۆڵی "چوارچێوەی هەماهەنگی" لە گۆڕەپانی سیاسی عێراقدا زیاتر بەرچاوەو تەواو خەریکی پاوانخوازی دەسەڵاتی یەکلایەنیە لە حکومەتی ناوەندیدا، بەوپێیەی توانای پێکهێنانی حکومەتی هەیە بە هاوپەیمانیەکی باڵادەستی خۆی بەسەر لایەنەکانی دیکەدا، وایکردووە 'چوارچێوەی هەماهەنگی' ببێتە یاریزانێکی سەرەکی و بەتوانا لە گۆڕەپانی سیاسیداو کاریگەریان هەیە لەسەر هاوسەنگیە سیاسیەکانی ئێستا و داهاتووی حکومەت لە عێراقدا، بەتایبەتی لە پرۆسەی هەوڵدانیان بۆ یەکلاییکردنەوەی بەناوەندکردنی حکومەت لە عێراقێکی یەکپارچەدا. لەم بارەیەشەوە پشتیوانی تەواوی کۆماری ئیسلامی ئێرانی بەدەست هێناوە.

بۆیە لەمکاتەدا هەرچەندە لەڕێگەی دادگای باڵای فیدراڵیەوە حەلبوسی لەکارخراوە، بەڵام ناتوانین پێشبینی ئەوەنەکەین، کە ئەم هەنگاوە بەشێکە لەو گەمە سیاسیانەی سەرکردەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی بۆ دامەزرندنی حکومەتی عێراق لەژێر هەژمونی باڵادەستی خۆیاندا بەرێوەی دەبەن.

حەلبوسی بەشێک بوو لەو هاوپەیمانیە سێ قۆڵیەی دوای هەڵبژاردنی پەرلەمان، شانبەشانی بارزانی و سەدر، کە ئامانجیان پێکهێنانی حکومەت بوو دوور لە هەموو هێزە سیاسیەکانی سەر بە ئێران. ئەم بابەتە جگە لەوەی زۆر قورس بوو، تەحەدایەکی گەورەی هەڵگرت، پێموایە لەوە دەچێت ئەوانەی لەگەڵ ئەم هاوپەیمانیەدا بوون تا ئەمڕۆش لە بەرامبەر ئێران و چوارچێوەی هەماهەنگیدا دەبێت باجەکەی بدەن.

بۆ چوارچێوەی هەماهەنگی ئەمە کاتێکی گونجاو بوو بۆ لابردنی حەلبوسی، چونکە لەگەڵ ڕێکەوتی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان دێتەوە، بەتایبەتی کە بایکۆتی هەڵبژاردن لەلایەن ڕەوتی سەدریەکانەوە ڕاگەیاندرا، ئەو نیگەرانیەی بۆ دروستکردن کە ئەگەری ئەوە هەیە حەلبوسی بەشێک لە دەنگەکانی سەدریەکان بەدەستبهێنێت.

بەدوور نازانرێت بڕیاری دوورخستنەوەی حەلبوسی بەشێکە لە تۆڵەکانی ماڵی شیعە، چونکە هێزە شیعەکان قەبوڵ ناکەن کەسێک هەبێت سەرۆکایەتی سونە بکات و لەریزی پێشەوەی دەسەڵاتی سیاسیدا بێت و ململانێی گۆڕینی دەسەڵاتیان لەگەڵدا بکات، وەک لە هاوپەیمانیە سێ قۆڵیەکە لەگەڵ بەرزانی و سەدردا نیشانیاندا.

بەدوای دوورخستنەوەی حەلبوسی، هاوپەیمانەکانی پێشوی لە بارزانی و سەدر هیچ هەڵوێستێکی فەرمیان لە دژی ئەم بڕیارە نیشان نەداوە، بەپێی ڕاگەیەندراوی فەرمی پارتی دیموکراتی کوردستان وادیارە ئەوە بە باش دەزانێت خۆی لە هەر هەنگاوێکی پلە بە پلە دوور خاتەوەو خۆی لە هەر مانۆڕێکی سیاسی لەبەرامبەر هێزە شیعەکان بەدوور بگرێت، لەپێناو خۆپاراستن لە هەر بڕیارێکی دادگای باڵای فیدراڵی کە دژ بەحکومەتی هەرێم و بارزانی دەربکرێت. چونکە زۆر مەلەفی مشتومڕاوی هەیە کە دادگای فیدراڵی دەتوانێت بڕیار لە دژی هەرێمی کوردستان دەربکات، بەتایبەتی

دژی بارزانی و پارتی دیموکرات، بەو پێیەی هاوپەیمانی "پارتی تەقەدوم" و سەدریەکانی کردوە. ئەوەی بارزانی لە ئاییندەیەکی نزیکدا زۆرترسی لێی هەیە ئەوەیە کە دادگای فیدراڵی بڕیار لەدژی هەرێمی کوردستان بدات، سەبارەت بە کۆنترۆڵکردنی کێڵگە نەوتیەکان لەو ناوچانەی تێکەڵ بە حکومەتی فیدراڵن، وەک کێڵگەی خورمەڵە، کە بەرپرسانی حکومەتی فیدراڵی دەڵێن سەر بە حکومەتی فیدراڵیە و نابێت سەر بە دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان بێت.تا ئەمڕۆش ئەو کێڵگەیە لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمدایە و بەشێکی گەورەی توانا نەوتیەکانی هەرێمە کە لەلایەن کۆمپانیاکانی سەر بە پارتی دیموکراتەوە کۆنترۆڵکراوە.

ڕوونە کە هێزە شیعەکان بڕیاریان داوە سنووردارکردن و کۆتاییهێنان بە هەژموونی هەر لایەنێک یان سەرکردەیەک بکەن، کە لەنێو پێکهاتەکانی دیکەدا دەیانەوێت بەبێ ڕکابەر لە دەسەڵاتدا بمێننەوە، یان بوونی مەیلی سیاسیان دور لەوان یان دوور لە بەرژەوەندی و سیاسەتی تاران بێت. بۆ ئەمەش پێکهێنانی دەسەڵاتی دادوەری یارمەتی ئەوەیان ئەدات بۆ جێبەجێکردنی ئەم هەنگاوانەی لە ئاراستەی یەکلایکردنەوی دەسەڵاتی سیاسی لەژێر هێژمۆنی تەواوی چوارچێوەی هەماهەنگیدا پاریزراوبێت.

گرتنەبەری بڕیاری دادوەری یان سیاسی لەدژی هەولێر لەدوای گۆشەگیرکردنی حەلبوسی ئەگەرێکی دوور نییە، بەتایبەتی ئەوەی ئێستا حکومەتی فیدراڵی پێویستی پێیەتی هەوڵدان و پێداگریە لەسەر ناوەندکردنەوەی حکومەتی عێراق. لەهەمانکاتدا لەبەرئەوەی حکومەتی هەولێر کەوتوتە بەر ڕەحمەتی بەغداو بەردەوام پێویستی بە گەڕانەوەیە بۆ بەغدا، لە هەر بوارێکدا و لە پاشخانی پێشهاتە سیاسیە نوێیەکاندا حکومەتی هەرێم ناچارە لە ڕێگەی کەناڵەکانیەوە مامەڵەیەکی وردو جدی بکات بۆئەوەی بتوانێت پەیوەندیەکی بێ کێشە و پتەو لەگەڵ دامودەزگا فیدراڵییەکان بەدەستبهێنێت، یان لەهەر هەنگاوێکدا دەبێت ملکەچی زیاتر بۆ حکومەتی ناوەندی نیشان بدات.

بارزانی بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی خۆی لەم گێژاوەدا، ناچارە مامەڵە لەگەڵ بەغدا بکات و هەوڵەکانی چڕتر بکاتەوە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی درەنگ وەخت بۆ پەرلەمانی کوردستان، بۆیە هەر مەترسییەک کە گرفت لەسەر شەرعیەتی حکومەتی ئێستا دروست بکات خۆی لێدەپارێزێت، گەر وانەکات بەبڕیارێکی دادگای فیدراڵی چۆن دەرگای پەرلەمانەکەیان داخست، حکومەتەکەشی بەردەوام نابێت و بۆی هەڵدەوەشێننەوە، هەر بەو مانایە ناچارکراوە ملکەچی گۆڕانکاریە سیاسیەکان بێت.

ئەوەی جێگای سەرنجە یەکێتی نیشتمانی سکاڵای یاسایی تۆمارکردوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی پشکەکان و دابەشکردنی ناوچەی هەڵبژاردن بۆ چوار ناوچە، ئەگەر دادگا بڕیارێک لە بەرژەوەندی یەکێتی نیشتمانی دەربکات، ئەوە گورزێکی توند دەبێت لە پارتی دیموکرات، حاڵەتێکی ئاڵۆز دەخاتە بەردەم جێبەجێکردنی هەڵبژاردن، چونکە پارتی بەتوندی پێداگری لەسەر هێشتنەوەی یاساکە بەبێ گۆڕانکاری و هەموارکردنەوە دەکات، لەم حاڵەتەدا هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەرگیر بە بنبەست و کێشەیەکی گەورە دەبێت.

گومانی تیانیە کە دۆخەکەو گۆڕانکاریەکان ئەوە بە ئاشکرا دەنوێنن، کە دەسەڵاتی دادوەری لە ژێر سایەی دەسەڵاتدارانی شیعەدایە، هەربۆیە کاریگەری پرسە سیاسییەکان لەسەر دادگا ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە.

دورخستنەوەی محمد حەلبوسی پرسیاری زۆری لەسەر ئاستی شەقامی عێراقی سەبارەت بە چارەنووسی هاوپەیمانی و ئیدارەی حکومەتی ئێستا وروژاندوە. لەگەڵ کردنەوەی دەرگای هەر دانیشتنێکی نوێدا، دەبێتە سەرهەڵدانی گرژییە سیاسییەکان و تێکەڵکردنی کارتەکان. لەهەمانکاتدا بڕیاری گۆشەگیرکردنی حەلبوسی سەبارەت بە هەرێم ئاماژەی دیکەی لەخۆی گرتوە. ڕەنگە ئاگادارکردنەوەو فشارێکیش بێت بۆ هەولێر کە قۆناغێکی نوێ لە سایەی سیاسەتەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیدا دەستپێبکاتەوە.

ئەگەری ئەوە هەیە حکومەتی فیدراڵی هەنگاو بنێت بۆ وەرگرتنەوەی کۆنترۆڵکردنەوەی کێڵگەی نەوتی خورمەڵە کە ڕۆژانە نزیکەی 175 هەزار بەرمیل نەوت بەرهەم دەهێنێت.هەروەها کێڵگە غازییەکانی کۆرمۆریش هەن، باسیش هەیە کە دادگای فیدراڵی بڕیاری سنووردارکردنی بەڕێوەبردنیان بۆ حکومەتی فیدراڵی بدات و ئەمەش بە مانای بەستنەوەی هەرێمی کوردستانە لە ئێستا و لە داهاتوودا.

مەترسیدارترین پرس بۆ بارزانی کە بڕیارە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، پرسی هێزە چەکدارەکانە، لەوانە پێشمەرگە و ئاسایشی ناوخۆ و دەزگا ئەمنی و هەواڵگرییەکانی هەرێمی کوردستان. دەسەڵاتدارانی هەرێم ترسیان لە هەر کارێک و بڕیارێکی دادوەری هەیە کە بەم ئاراستەیە جار لەگەڵ جار سنوردارتریان دەکات، بەتایبەتی کە هەرێم موچە بۆ هەموو ئەندامانی ئەمنی و مەدەنی و سەربازی دابین ناکات و لەو کارەشدا پێویستی بە هاوکاری حکومەتی فیدراڵی هەیە.

زۆرێک لەناو حکومەتی عێراقدا، تەنانەت لەسەر ئاستی قەوارە سیاسییەکانیش، پێیانوایە هەرێمی کوردستان مافی ئەوەی نییە هێزی چەکداری یان دامەزراوەی ئەمنی خۆی دروست بکات. ئەگەر دادگای فیدراڵی دەستوەردان لەو پرسانەدا بکات، هەرێم بە ئەگەرێکی زۆرەوە لایەنی دۆڕاو دەبێت و بەمشێوەیش قەوارەی هەرێم تەنها قاوغەکەی دەمێنێتەوە.

☆

# قسەوباسی وەستامەهدی لەپانێڵی (بەرەو ژیانێکی باشتر بۆکرێکاران)

کرێکارانی کوردستان یەک کێشەی
سەرەکیان هەیە کە هەموو کێشەکان
لەوێوە سەرچاوەی گرتووە!!

قسەوباسی وەستامەهدی لەپانێڵی (بەرەو ژیانێکی باشتر بۆکرێکاران)

### سەبارەت بەکێشە کانی کرێکاران

من پێموایە کرێکاران یەک کێشەی سەرەکیان هەیە کە هەمووکێشەکانی تر لەوێوە سەرچاوەگرتوە، ئەویش سیستەمی کاری کۆمپانیاکان و حکومەت و وەزارەتی کارە کە ساڵانێکە بۆ روتاندنەوەو چەوساندنەوەی لەرادەبەدەری کرێکاران دایسەپاندووە، تا کۆمپانیاکان کەحکومەت و بەرپرسان بەشەسەرەکیەکەی بەدەستەوەیە، رەنجی کرێکاران بەتاڵان ببەن و بێسنور بیانچەوسێننەوە.

کرێکاران نەک هەربێ کێشە نین، بەڵکو دەیان کێشە رووبەڕوویانە. لەوانە کێشەی نەدان و کەمی موچە، کێشەی گرێبەست و ماوەی کار، نەبونی مەشق و راهێنان وسەلامەتی کار، تا کێشەی بیکاری و لەسەرکاردەرکردن و دەیانی تر.. بەلام ئەم کێشانە لەچیەوە سەرچاوەیان گرتووە؟.

دووشت هەیە کێشەن، بەڵام نابێ تێکڵاویان بکەین؛ یەکەمیان خواستە کرێکاریەکان واتە ئەوانەی کە کرێکار داوای دەکەن، بەڵام جێبەجێ ناکرێن؛ بۆ نمونە خواستی ئازادی ڕیکخراوبوون، دووەمیان ئەو کێشانەی کە بەواقعی رۆژانە یەخەی کرێکاری گرتوە، واتە لەئەسڵدا خواستی رۆتینی کرێکار نین، بەڵام بەهۆی سیستەمی کارەوە یەخەی بەکرێکاران گرتووە پێویستە لێرە باسی بکەم.

سەرچاوەی کێشەکان سیستەمی کاری کۆمپانیاکانە:

کرێکارانی کەرتی تایبەت لەسەرجەم کارگەکاندا بەسیستەمی وەجبات و شەفتات کاردەکەن. بەشی هەرەزۆری کارگەکان، کار تیایاندا ٢٤سەعاتیە. لەهەندێک کارگەدا هەم کارەکانیان سەختەو هەم لە٨ کاتژمێر زیاتر کاردەکەن. بەشێک لەکارگەکان جۆرێک لە ڕیاکر سەلامەتی کار ڕەچاودەکرێ وهەندێکیش زۆربایەخ بەسەلامەتی شوێنی کار نادەن. کارگەو کۆمپانیاش هەیە بەتایبەت ئەو پرۆژانەی کاری تەلارسازی دەکەن، هیچ گوێ نادەن بەسەلامەتی شوێنی کار.

بەڵام کەرتی گشتی یان رونتر بڵێم کەرتی حکومی بەبەراورد بەکەرتی تایبەت، هێشتا دۆخی کارکردن کەمێک باشترە. لانی کەم سەعاتەکانی کارکردن کەمترە، پشووە فەرمیەکان دەیانگرێتەوە. تەنها هەندێک ناوەند نەبێت کە لانی کەم ئەبێت لەرۆژانی پشوی فەرمیشدا خەفارەتیان هەبێت، بۆ نمونە بەرێوەبەرایەتیەکانی کارەباو نەخۆشخانەکان. لایەنی سەلامەتی کار تیایاندا کەم تازۆر رەچاو دەکرێت. تەنانەت هێشتا هەندێ مافی یاسایش جێبەجێ دەکرێت.

ئەم سیستمە کەی سەری هەڵدا؟

ئەم سیستەمەش بەدوای کشانەوەی دەخاڵەتی حکومەت و وازهێنان لەبەرپرسیاریتی و سپاردنی کاری کرێکاران بە کۆمپانیاکان، لەژێر ناوی بازاڕی ئازاد دا، سەری هەڵداوە وهەموو سەلاحیەت و ئیختیاراتیکی بەخاوەنکارو کۆمپانیاکان داوە. تەنانەت حکومەت خۆی بۆتە کۆمپانیایەکی گەورە و بوارە سەرەکیەکانی کاری کرێکارانی بەدەستەوەگرتوە، لەوانە بواری دەرهێنان و بەرهەمهێنانی نەوت و گاز، بازرگانی و گەیاندن و.. تەنانەت یاسای کار خۆی ئەم سیستەمەی کە کۆمپانیاکان باڵادەستن، کردۆتە یاسا وحکومەت نە لەئاستی کرێ و ماوەیکارو پشوو ومافەکانی کرێکاران بەرپرسیارە و نە چاودێری دۆخەکەش دەکات. لایەکی تری ئەم سیستەمە بەتایبەتیکردنی پرۆژەو هەڵوەشاندنەوەی بواری خزمەتگوزاریەکانە و فرۆشتنیانە بە کەرتی تایبەت و کۆمپانیاکان. بەمجۆرەش هەڵوەشاندنەوەی تەعینی مەرکەزی..

کاری کۆمپانیاکان چییە یان رونتر بڵێم کومپانیاکان بە چ جۆرێک کار بەکرێکار دەکەن؟

مەبەست لەم سیستەمە پەیمانکاری و کاری مۆقەت و قۆنتەراتی، سیستەمێک کە پێی دەڵێن (زیرۆ کۆنتراکت). ئەمەش شێوازی ئازادکردنی بازاری کارو خۆدزینەوەی دەسەلاتە لەبەرپرسیاریتی وچاودێری.

لەم سیستەمەدا، کاری رۆژانە، گرێبەستی فەردی، مەرجەکانی خاوەنکار بەکرێی کەم و سەعاتکاری زۆر، نەهێشتنی زەمانی خانەنشینی، مافی لەسەرکاردەرکردن و سزادانی کرێکار لەلایەن خاوەنکارەکانەوە، پایەماڵکردنی هەموو ماف وئیمتیازاتەکانی کرێکاران، لەوانە نەمان و نەدانی حەوافزی ساڵانە، پشوی ساڵانە، خۆراک و جلو بەرگ، راهینان و مەرجەکانی سەلامەتی کار.. ژێرپێنانی ئازادی ڕیکخراوبوون ودەیان شتی تر..

لەم چوارچیوەیەدا کرێکارانی کۆمپانیاکانی نەوت وگاز وچیمەنتۆ، ئەگەرچی هەندێک شتیان بۆ بەرەسمی ناسراوە، بەڵام شوینی کار بووە بە سەربازگەیەک.

قەیرانی ئابوری:

ئەوەی دەسەلات بەقەیرانی دارایی و نەبونی موچە ناوی دەبات، گۆڕدراوە بەکێشەی نەدانی سلفەو راوەستانی پرۆژەکان بە خاوەنکارەکان و کۆمپانیاکان، ئەمەش کێشەیەکی دروست کردووە بە سەر کرێکاراندا شکاوەتەوە.

بۆنمونە کێشەی دواکەوتنی

موچەی ژینگەپارێزان، داخستنی پرۆژەکان و بێکاربوونی کرێکاران بەبێ ئەوەی حساب بۆ ژیان وگوزەرانی خۆیان و خیزانیان بکرێ..

لەسەر کێشە سەرەکیەکانی کە رۆژانە کرێکاران لەگەڵی بەرەوروون، نمونەی کارگەو پرۆژەکان باس ئەکەین؛

کە من پێش ئەم پانێڵە لە گەڵ دوهەڵسوراوی کرێکاری لە دوکارخانە کە هەر یەک لەدو کارخانەیە نزیکەی هەزار کرێکاری هەیە ،بەڵام من نامەوێت نە ناوی ئەو دوکارخانە یەو نەناوی ئەو دوهەڵسوراوە بهێنم ،تەنهاوەک نمونە باسیان دەکە .

نمونە: کارخانەی ئەلف:

ئەم هەڵسوراوە ئەڵێ لەم کارخانەیە کەمن کاری تیدائەکەم ،دوو کێشەی سەرەکی مان هەیە:

١- ناعەدالەتی و نایەکسانی لەمامەڵەی ئیدارە لە دانی مافی کرێکاران .

لەزۆربەی کارخانەو کارگەکان هەیە، بۆ نموونە من خۆم و زۆر برادەری تریشم بە دوو ساڵ، سێ ساڵ لەوێ بووین و دیناریکمان بۆ زیادنەکراوە. کەسیش هەبوە کە کەمترین ماوە کاری کردوە، بەڵام دوای چەند مانگ پارەی بۆ زیاد کراوە.

٢- ستافێکی بیانی کۆنترۆڵی هەموو بەشەکانی کۆمپانیایان کردبوو. ئەو ستافە لەپێناو بەرژەوەندی خۆیانا کە موچەیەکی باشیان وەردەگرت، هەموو زوڵم و ستەمێک، لە سەپاندنی ئەرکی زۆر بەسەر کرێکاراندا لەچاو ئەرکی ئاسایی خۆیاندا، لە شەڕی دەروونی لەگەڵیان، لە ماندووکردنیان، درێغیان نەدەکرد. تەنانەت برادەری خۆم هەبوو لە بەشەکانی تردا، بەهۆی ئیشی زۆرەوە، لەبەرئەوەی کۆمپانیا کرێکاری پێویستی نەخسبوە سەرکار، نەیتوانیوە سوود لەو ئیجازە ساڵانەی خۆی وەربگرێ کە بیست و یەک رۆژە. ئەگەر رۆژێک ئیجازەی کردبێ بە شەڕ و بە ناخۆشی بووە. بەتایبەت ئەو کارمەندانەی بەشی بەرهەم کە خۆم یەکێک بووم لەوانە، کاریکیان نەکرد کە بمێنیتەوە لایان. باکیان پێت نەبوو، وەکو کۆیلەیەک سەیریان ئەکردی، کە هەرچی ئەرک و شتی ناخۆش بوو بەسەریانا ئەیسەپاند و شەڕی دەروونیان لەگەڵا ئەکردین و هەموو شتێک.

نمونەیەکی تر/ لەکارخانەی باء

لەگەڵ هەڵسوراوێکی تر کە لە بەشی ئینتاجی کارخانەیەکەو ئەو کارخانەیە زیاد لە هەزار کرێکاری هەیەو بۆ سێ شەفت کار بەکرێکارەکانی دەکات. قسەم کرد سەبارەت بەکێشەکانیان کە رۆژانە لەگەڵی بەرەو رون، لەوەڵامدا وتی ئێمە کێشەمان زۆرە بەڵام من ئەم چەند کێشەم خاڵبەندی کردووە بۆئاگاداریتان .

کێشەی سەرەکی و پێشێلکردنی مافی کرێکار

١-بڕی کەمی موچە لەچاو کارەکانیان.

لەگەڵ ئەوەی لە یاسای کاردا هەیە هەر کرێکارێکی بیانی ئەبێت کرێکارێکی عێراقی بۆ ماوەی دوو ساڵ کاری لە گەڵ بکات و دواتر کرێکارە عێراقییەکە دەچێتە شوێنی کرێکارە بیانییەکە، بەهەمان موچەو ئیمتازەوە بەپێی شارەزایی لە کارەکەی

٢-بێمنەتی خاوەنکار بەهۆی وەزعە سیاسی و ناوخۆییەکانی وڵات، خاوەنکار ئەمەی قۆستۆتەوە لە کەمترین فرسەت و بچوکترین هەڵە کرێکار سزا ئەدات و یان دەری ئەکات.

٣ - نەبوونی کەسانی خاوەن ئەزموون بۆ سەرپەرشتیکردنی کار. بەکوردی نەبوونی کەسی شیاو لەشوێنی شیاو کێشەیەکی گەورەیە بۆ کرێکار، بەجۆرێک کرێکارەکە زۆر لە سۆپەر فایزەرەکەی شارەزاترە لە کارەکەی و ناچاریشە بەقسەی بکات، بەوهۆیەشەوە لەسەروتر بە کەمتەرخەم و توشی سزا ئەبێت، چونکە لەکۆتایدا کرێکار بەرپرسە لە هەڵەو کەسانی سەرو خۆی لە چاکی بەرپرسن، بەهۆی واستەو واستەکارییەوە ئەو شوێنە بەدەست هێنراوە.

٤-هەبوونی سزا لە کاتی هەڵەو نەبوونی پاداشت لە کاتێ کە شایەنی پاداشتە.

٥-پەیڕەونەکردنی سیستەمی بەرزکردنەوەی ئاستی کرێکار بەپێی ئیشی ساڵانەو خیبرەی لە کارگەکان.

٦-کردنی چەند کارێک لەیەک کاتدا یانی بە کرێکارێک ئیشی چەند کرێکارێک ئەکرێت، ئەمەش هەم هەلی کار کەم ئەکاتەوە هەم کرێکار زیاتر لە توانای خۆی ئەزێت ئەدات.

٧-پەیڕەونەکردنی یاسای کاری عیراق لە زێدەکاری، واتا (ئیزافە)کاری. لە یاسای کاردا هەر کاتژمێرێک بەکاتژمێر و نیو بۆ کاری ئاسان و، یەک کاتژمێر بە دوو کاتژمێر لە کاری قورس و تاقەت پڕوکێن هەژمار دەکرێ.

٨- سەعاتی زیادەی کارکردن و حساب نەکردنی کاتی زیادە، بۆنمونە لە یاسای کاردا هاتووە؛ کرێکار کاتی کاری ئاسایی ٨ کاتژمێرە لە رۆژێکدا، نیوسەعات بۆ سەعاتێک کاتی پشوو و نانخواردنە لەو ٨ سەعاتەدا، بەڵام زۆربەی کارگەکان ٩ کاتژمێر لەرۆژێکدا کاردەکەن.

٩- نەبوونی هۆکاری گواستنەوە بە گوێرەی پێویست، بۆنمونە هۆکاری گواستنەوە بەپێی رێکەوتن لەگەڵ کارگە بۆ کرێکار دابین دەکرێت، بەڵام بەهۆکاری باش پەیڕەونەکردنی ئەو هۆکارە، کرێکار ناچارە لەرۆژێکدا چەند کاژمێرێکی بە گواستنەوە بڕوات.

١٠- خواردنی پاک و خاوێن و تەندروست، ئەمەش کێشەی گەورەی کرێکارە لە کارخانەکان.

هەر ئەو هەڵسوراوە وتی من ئاگادارم لەزۆربەی کارخانەکان لەم کێشانەی ئێمەی تیدایە.

ئێمە بێدەنگ نەبوینە، بەڵام هێشتا ئەو هێزەمان نییە کە خاوەنکار لەم پێشێلکاریانە کە دەیکا دەرحەقمان راگرین .

**تێبینی: ئەم پانێڵە رۆژی ١٦/١١/٢٠٢٣ لەلایەن بڵاوکراوەی دەنگی کرێکار بەهاوکاری بازیان میدیا لە کتێبخانەی گشتی بازیان سازکرا.**

# پەیامێک بۆ چینی کرێکار لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

## سێیەمین بەیاننامەی هاوبەشی سێ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ناوچەکە

### چینی کرێکار لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کۆمەڵکوژی لە فەڵەستین

کرێکاران!

بێگومان بۆ ئێمە و زۆرینەی بەشەریەتی گۆی زەوی، کە لە ڕوانگەی پڕوپاگەندەی ڕەگەزپەرستی و دژە ئینسانی دەسەڵاتدارانی ئیسرائیل و ئەمریکاوە سەیری جیهان ناکەن، ئەوەی ماوەی چل ڕۆژە لە غەززە دەگوزەرێت، شەڕ نییە، بەڵکو کۆمەڵکوژییەکی بێ شەرمانە و پاکتاوکردنێکی ڕەگەزییە، کە جیهانی هەژاندووە. هیچ کەسێک بیانووی "شەڕ لەدژی حەماس"ی بۆ پاساوهێنانەوە بۆ ئەم کۆمەڵکوژییە کوێرانەیە و تۆڵەسەندنەوەی بێسنوور و سزادانی بەکۆمەڵی ملیۆنان خەڵکی فەڵەستینی قبوڵ نەکردووە. خەڵکی جیهان ئەمە بە تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی ناوزەد دەکات و ڕۆژانە و هەموو ساتێک چاویان لە کۆتاییهێنانی دەستبەجێ بە یەکێک لە گەورەترین کۆمەڵکوژی و تاوانە جەنگییەکانی سەدە بڕیوە، کە ئەوەش تەنها لەڕێی هەوڵ و تواناى خۆیانەوە مەیسەر دەبێ.

دیمەنەکە بۆ ئێمە ئاشناترە، بەتایبەت بۆ ئێمەیەک کە چەندین دەیەیە لە دڵی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لەلایەک لە ململانێ و خەباتێکی ڕۆژانەداین دژ بە حکومەتە گەندەڵ و ستەمکارەکانی خۆمان بۆ دەستەبەرکردنی لانیکەمی بژێوی ژیان و ڕێز و شکۆی ئینسانی خۆمان و خێزانەکانمان. لە لایەکی دیکەوە، هەستمان بە مەترسی پەرەسەندنی میلیتاریزمی ناتۆ و جەنگە بە وەکالەتەکانیان، و هەروەها سەرئەنجام مەیلی دەسەڵاتدارانی ناوچەکە بۆ ئاگرخستنەوەی دەسئەنقەست هەست پێکردووە و هەستی پێئەکەین. بێگومان تۆڵەسەندنەوەی فاشیزم لە ئیسرائیل کە بە فەرمی پشتی بە پشتیوانییە سیاسی و دارایی و سەربازییە بێدرێغەکانی ئەمریکا و ئەورووپا بەستوە، نەک هەر تەنها بچوکترین پەیوەندی بە "ئەمنیەت" و "بەرگری لە خۆکردن"ەوە نییە، بەڵکو نائارامکردن و نائارام هێشتنەوەی چەندین دەیەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، سەرچاوەیەکە بووە بۆ بەرژەوەندی گەورەی سیاسی، سەربازی و ئابووری بۆ بۆرژوازی جیهانی.

ماوەی چل ڕۆژە سەراسەری کەرتی غەززە لە ئاگردا دەسووتێت. لەم ماوەیەدا سوپای ئیسرائیل لە زەوی و ئاسمانەوە خەڵکی فەڵەستینی بۆردومان کردووە و خۆراک و ئاو و سووتەمەنی و دەرمان و هەموو ئامرازەکانی ژیانی لە زیاتر لە دوو ملیۆن کەس بڕیوە. نەخۆشخانە و کارمەندەکانی، ئامبولانس و فریاگوزاران، قوتابخانە و باخچەی ساوایان، کەمپی پەنابەران، کارمەندانی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕۆژنامەنوسان و هتد.. ، هیچ شتێک سەلامەت نییە. هەموو ئەمانە کە لەسەر خاکێکی داگیرکراو ئەنجام دراون، ناویان ناوە"مافی" ئیسرائیل بۆ بەرگری لە خۆکردن و حکومەتەکانی ڕۆژئاوا و میدیای فەرمی زورنای بۆ ئەژەنن و تەنانەت لەدژی یاسا نێودەوڵەتییەکانی خۆشیانە، بێشەرمیەکی ئاشکرایە. لە کاتێکدا فەرماندە و دەسەڵاتدارانی ئیسرائیل بە فەرمی ڕایانگەیاندوە کە هاڕینی ئێسک و پروسکی خەڵک لە بەشی باکوری غەززە تا لەناوبردن و پارچە پارچەکردنی لاشە و جەستەی خەڵک لە بەشی خواروی غەزەش و وێرانکردنی یەکجاری درێژەدەکێشی.

لە کاتێکدا مرۆڤایەتی لە سەرتاسەری جیهاندا لە کەنار خەڵکی غەززە و فەڵەستیندا، لە میدیا نافەرمی و ملیارەها کەسییەکانی خۆیانەوە، لە هەوڵی بڵاوکردنەوەی ڕاستیەکانی ئەو کارەساتەدان کە لەئارادایە، ئەمە هەوڵێکە کە تا ئێستا دەزگای پڕوپاگەندە ڕەسمیەکانی مێشک شۆردنەوەی ئیفلیج و بێ تواناکردووە.

تا ئەو جێگایەی کە بە پەیوەندیەکانی نێوان هێزە دەسەڵاتدارەکان و دامەزراوەکانیان دەگەڕێتەوە کە بەناوی جیهان و خەڵکی جیهانەوە کاردەکەن، هیچ یاسایەک حوکم نەکات! هیچ ڕێککەوتنێکی نێودەوڵەتی ڕێگری لە هیچ تاوانێک ناکات. نەتەوە یەکگرتووەکان و سکرتێرە گشتیەکەی و لق و پۆپەکانی بێ کەڵکن. دامەزراوەکانی مافی مرۆڤ و ئەمنستی و سەرجەم کۆمسیۆنەکانی لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی جەنگ و بڕیارنامە دەرکراوەکانیان هیچ کارێکیان لەدەست نایەت.

لێدوانە هەڵپەرستانە و دووڕوویەکانی چین و ڕووسیا و بلۆکی پشتیوانی لەوان تەنیا پڕوپاگەندەیە و لەڕاستیدا هەوڵێکە بۆ بەدەستهێنانی ئیمتیازی سیاسی-و سەربازی و ئابووری لە "سبەینێی" پاش کۆمەڵکوژی و پاکتاوکردنی نەتەوەیی فەڵەستینییەکان. دەوڵەتانی ناوچەکە، لە سعودیە و میسرەوە تا ئێران، تورکیا و هتد...، دۆستانی درۆیینەی فەڵەستین، کە بە دووڕوویییەوە بەرگری لە فەڵەستین دەکەن، هەرخۆیان بەربەستی سەرەکی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەن و دوژمنی سوێندخواردووی ئێمە و خەڵکی فەڵەستینن. ئەم دەوڵەتانە لەپێنج دەیەی ڕابردوودا لە کێشەو مەینەتیەکانی

⇦

خەڵکی فەڵەستین، بۆ مامەڵەکردن و بۆ بەرژەوەندی خۆیان و سازان و ئیمتیاز بەدەستهێنان لە دەوڵەتانی تر کەڵکیان وەرگرتوە. تەنانەت هوشیارانە بەرگی ئاینی و ئیسلامییان کردووە بە بەر بزووتنەوەی کێشە ئینسانی و نەتەوەییەکانی فەڵەستینیەکاندا، کە لە مێژوودا بزووتنەوەیەک بووە لەلایەن جیهانەوە پشتیوانی لێکراوە و هەرگیز ملی بۆ داگیرکاری ئیسرائیل کەچ نەکردووە! گۆڕیویانە بە شەڕی ئایینی، شەڕی ئیسلامگەرایی و جولەکە گەرایی. ئەم دەوڵەتانە هاورا لەگەڵ فاشیزمی نەتەوەپەرست و ئایینی لە ئیسرائیل بە کردەوە ڕێگاچارەی ئاشتیانەیان بۆ کۆتایی هێنان بە موسیبەتەکانی خەڵکی فەڵەستین بە بنبەست گەیاندووە!

کۆبوونەوەی ئەم دەوڵەتانە لە ١١ی ئەم مانگەدا کە لە شاری ڕیاز، لە ژێر ناوی "کۆبوونەوەی سەرانی عەرەبی و ئیسلامی" دا بەرپاکرا، کۆمەڵێک بانگەشەی پوچ و پروپاگەندەی درۆیینە بوو بە ناوی "بەرگری" لە فەڵەستین. ئەمەش بۆ شانخاڵیکردنەوە و خۆدەربازکردن بوو لە فشارەکانی بەشی خوارەوەی کۆمەڵگا! تەنانەت ئەم دەوڵەتانە ئامادە نەبوون پەیوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانیان بۆ یەک ڕۆژ لەگەڵ ئیسرائیلدا بپچڕێنن. ئەم حکومەتانە کە ڕۆژانە دەست لە هیچ تاوانێک لە دژی ئێمە ناپارێزن، لە ژێر ناوی "بەرگری" لە فەڵەستیندا، بەردەوام هەوڵ ئەدەن مۆری "لایەنگری ئیسرائیل" بدەن لە هەر جۆرە داخوازی و مافێکی ئێمە و بەمجۆرە و خەبات و ناڕەزایەتیەکانمان بێدەنگ بکەن و درێژە بە سەرکوتگەری و تەمەنی پڕ لە تاوانکاریی خۆیان بدەن.

هاوڕێیان!

ئێمە دەتوانین کۆتایی بەم کارەساتە بهێنین. دەتوانین ئەو کارە تەواو بکەین کە مرۆڤایەتی بۆ ڕاگرتنی ئەم مەکینەی کۆمەڵکوژیە دەستی پێکردووە! جەماوەری ملیۆنی خەڵکی مرۆڤدۆست و ئاشتیخواز، کە ڕۆژانە و هەمووسەعاتێک لە شەقام و میدیای نافەرمی خۆیان و لە کۆبوونەوەکانیاندا لە شوێنی کار و ژیاندا هاتونەتە مەیدان، چاوەڕوانی دەوروونەخش و فشاری ئێمەن. چاوەڕوانی ڕۆڵ و گۆشاری چینی کرێکاری جیهانی و بەتایبەتی ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەکەن! ئێمە و چینی ئێمە تاکە هێزین کە توانای نەک تەنها "ناکارامە کردن" و "خاوکردنەوە"، بگرە بە تەواوەتی ئیفلیجکردنی ماشینی جەنگی ئەوانمان هەیە. بەسەرنجدان لەو نموونانەی کە ئەمڕۆ لە ئارادایە، هێزی ئێمە و ڕێگاکەمان نیشان دەدات.

بە ڕۆشنی دەبینین کە: کرێکاران لە سەراسەری جیهاندا نەک هەر لەم بزووتنەوە ئینسانییەدا، بەڵکو بە کردەوەی ڕاستەوخۆی خۆیان لە هەوڵی ئەوەدان مەکینەی کوشتن و تاوانکاری ئیسرائیل لەکار بخەن. ژمارەیەکی زۆر لە یەکێتیە کرێکارییەکان پشتیوانییان لە بانگەوازی سەندیکا کرێکارییەکانی فەڵەستین بۆ پاراستنی خەڵکی بێبەش کردووە. کرێکارانی کارگەی چەک (L3 Harris) لە ئەمریکا مانیان گرت و ڕێگەیانگرت لە ناردنی چەک بۆ ئیسرائیل و بەرهەمهێنانیان ڕاگرت. سەندیکا کرێکارییەکانی گواستنەوەی یۆنان، تورکیا و ئیتالیا لە بانگەوازێکی هاوبەشدا جگە لە دەربڕینی بێزاری خۆیان بەرامبەر بە کوشتنی خەڵکی بێتاوانی فەڵەستین، جەختیان لەوە کردەوە کە: "تەحەمول ناکەین بەندەر و فڕۆکەخانە و کەشتی و شەمەندەفەرەکانی ئەوروپا ببنە ناوەندێک بۆ ئاڵوگۆڕپێکردنی کەرەستەی مەرگ". ئەوان بانگەوازی سەندیکاکانی کرێکارانی بەندەرەکان، کرێکارانی کەشتی، فڕۆکەخانەکان، ڕێگای ئاسن و هەموو کرێکارانی گواستنەوەیان لە ئەوروپا کرد بۆ گرتنەبەری هەنگاوی هاوبەش. فیدراسیۆنی جیهانی سەندیکا کرێکارییەکانی (دەبلیو. ئێف. تی. یو) بە ١٠٥ ملیۆن ئەندامەوە لە ٣٣ وڵاتدا، لە ١٢ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣دا، هەڵمەتێکی هاوپشتی نێودەوڵەتییان بۆ داکۆکی لە خەڵکی فەڵەستین ڕاگەیاند. کرێکارانی بەندەر لە شاری جێنەوای ئیتاڵیا بە دروشمی "جەنگ لێرەوە دەستپێدەکات" ڕێگرییان لە ناردنی چەک بۆ ئیسرائیل کرد.

لە بەیاننامەیەکدا سەندیکاکانی کرێکارانی گواستنەوە لە بەلجیکا داوایان لەو ئەندامانەیان کرد کە لە بەندەر و فڕۆکەخانەکان کار دەکەن، ڕێگری لە بارکردنی چەکی بەرهەمهاتوی ئەو وڵاتە بکەن کە دەینێرێت بۆ ئیسرائیل. ڕۆژی دووشەممە ٦ی تشرینی دووەم، کرێکارانی بەندەر لە بەندەری بەرشەلۆنە لە ئیسپانیا لە بەیاننامەیەکدا ڕایانگەیاند کە خۆیان لە بارکردنی کەرەستەی سەربازی بۆ ئیسرائیل و دەوڵەتانی لایەنگری بەدوور دەگرن. داواشیان لە سەرجەم کرێکارانی بەندەر لە ئیسپانیا کرد کە بە ڕیزی ئەوانەوە پەیوەستبن بۆ بەرێخستنی بزووتنەوەیەکی نێودەوڵەتی بۆ ناچارکردنی حکومەتی ئیسرائیل و وڵاتانی پشتیوان تا ئەو کۆمەڵکوژیە و ئەوجەنگەی لەفەڵەستین و بەتایبەتی لە غەززە هەیە ڕابگرن. کرێکاران لە یۆنان بە دروشمی "کۆمەڵکوژی ڕابگرن" و "نابینە هاوبەشی تاوان" هەروەها داوایان لە حکومەتی یۆنان و یەکێتی ئەوروپا کرد کە لە کاتی هێرشکردنە سەر کەرتی غەززە هەموو جۆرە پشتیوانییەک لە حکومەتی ئیسرائیل ڕابگرن. لە زۆرێک لە وڵاتان، لەوانە ئەمەریکا و دانیمارک، کرێکاران و خەڵکی ئازادیخواز لە بەردەم کارگەکانی دروستکردنی چەک کۆبوونەوە و ڕێگایان لە ناردنی چەک بۆ ئیسرائیل گرت. لە ئێران بە لەبەرچاوگرتنی هەستیارییەکی گەورە لە مەڕ چەواشەکاری مێژوویی و سیاسی و سەربازی و ئایدیۆلۆژی حکومەتی ئێران لە کارەساتەکەی غەززە و ڕۆڵی ئەو حکومەتەی کە لەلایەن چینەکەمانەوە بەرەو لێواری دارمان ڕاپێچکراوە، شاهیدی دەرکردنی

چەندین بەیاننامەی جوراوجۆرین لەلایەن ڕێکخراوە کرێکاری و مەدەنییەکان و چالاکوانانەوە. ئەمانە تەنها بەشێکن لەو هەنگاوە بەکردەوانەی چینی کرێکار لە دژی ئەم جینۆسایدە و پشتیوانی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا لێی.

هاوڕێیان!

ئەمڕۆ ئێمە دەتوانین لە لوتکەی بزووتنەوەیەکی ئینسانی گەورەدا بۆ کۆتاییهێنان بە دڕندەیی میلیتاریزمی ڕۆژئاوا و بۆ کۆتاییهێنان بە جەنگ و تاوانکاری و بۆ ئاشتی و ئاشتەوایی و ژیانێکی شایستەی ئینسانیدا، ڕاوەستین. ئێمەی کرێکارانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەمیشە پێکەوە بووین. ئێمە لە ناڕەزایەتییەکانی بەهاری عەرەبیدا دەورونەخشی سەرەکیمان هەبوو، و بۆ ڕزگاری لەدەست هەژاری و نەداری تێکۆشاین. ئێمەی کرێکاران لەکەنار ژنانی شۆرشگێری ئەفغانستان، ناڕەزایەتییە ئازادیخوازەکانی خەڵکی لوبنان، ناڕەزایەتییەکانی دژی هەژاری و ستەمکاری لە عێراق و کوردستانی عێراقدا، ڕاوەستاین. ئێمە لە ماوەی ساڵ و نیوی ڕابردوودا، پشتیوانی سەرەکی بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان و لاوان و خەڵکی یەکسانیخوازی ئێران بووین. ئێمە دژ بە تاوان و شەڕ، دژ بە چەوسانەوە و بێ مافی و هەژاری، سەرکوت و کۆمەڵکوژی و لایەنگری سەرسەختی ئاشتی وعەدالەت و ئارامین بۆ هەموان.

هاوڕێیان!

ئێمە، حیزبەکانی حیکمەتیست (خەتی ڕەسمی) لە ئێران، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، بانگەوازتان دەکەین بۆ هەڵگرتنی هەنگاوی دەستبەجێ و بەهێز و کاریگەر لە دژی کۆمەڵکوژییەکانی حکومەتی ئیسرائیل و دەوڵەتانی لایەنگرانی لە ڕۆژئاوا، لەدژی چەواشەکاری حکومەتەکانی ناوچەکە و بۆ کۆتاییهاتنی دەستبەجێی بۆردومانەکان و کوشتار لە فەلەستین. ئێمە داواتان لێ دەکەین لەکەنار کرێکارانی بەندەرەکانی بەرشەلۆنە و کرێکارانی گواستنەوەی یۆنان و تورکیا و ئیتاڵیادا، لەکەنار کرێکارانی فەڵەستینیدا ڕابوەستن و داوای کۆتاییهێنانی دەستبەجێی بۆردومانەکان، گەمارۆ و بڕینی ئاو و کارەبا و سووتەمەنی و خۆراک و دەرمان بۆ غەززە و کۆتاییهێنان بە داگیرکردنی فەڵەستین سەرئەنجام مافی خەڵکی فەڵەستین بۆ پێکهێنانی وڵاتێکی سەربەخۆ ڕاوەستن. ئێمە خوازیاری ئەوەین ئەو هێز و توانایەی لە بەرهەمهێنان و لە کۆمەڵگادا هەتانە بەکاربهێنن بۆ دەخاڵەتکردن لەم بزووتنەوەیەدا.

بێگومان دەبێ تاوانبارانی جەنگ لە سەرانی ئیسرائیلەوە تا دەوڵەتانی ڕۆژئاوا لە دادگای ئاشکرادا، بە تاوانی ئەنجامدانی تاوانکاری لە دژی مرۆڤایەتی دادگایی بکرێن، ئەوەی کە ئەمڕۆ سەدان پارێزەری بەناوبانگ لە خودی ڕۆژئاوادا داوای دەکەن. داواتان لێدەکەین، وەک بەشێک لە چینی کرێکاری جیهانی، یەکگرتوانە لە دژی ئەم دڕندەییە هەنگاوی کاریگەر هەڵبگرن.

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**
**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران- حیکمەتیست (خەتی ڕەسمی)**
**١٨ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٣**

# شەڕی ئیسرائیل لە دژی فەلەستینییەکان

## مەنسور حیکمەت

**وەرگێرانی :کاوە عومەر**

مەنسوور حیکمەت: ئاکامی چالاکی بزووتنەوەکانی وەک حەماس و بزووتنەوە ئیسلامییەکان هەر ئەوەیە. بەڕای من چالاکیی ئەوان خزمەت بە بەرەوپێش بردنی پرۆسەی سیاسەتەکانی ئەمریکا و شارۆندایە. لە میدیا و ڕای گشتیدا فەزاکە خەریکە بە قازانجی فەلەستینییەکان دەگۆڕێت، ئەم ڕەوتە ئیسلامیانە بەم جموجوڵانە ڕێگری لێدەکەن. ئەوان لە جۆری هەمان ئەوانەن کەدیوەکەی تری تیرۆریزمن.

لە ماوەی ٥ هەفتەدا ڕژێمی ئیسرائیل ١١٢ فەلەستینی و مەدەنی کوشتووە، ئەمە تیرۆرە و دەتوانرێت جیهان لە دژی تاوانێکی لەو شێوەیە کۆبکرێتەوە، بەڵام کاتێک لایەنی ئیسلامی بە کردارێکی هاوشێوە دیمەنەکە دەگۆڕێت، کەشەکە بۆ لایەنگرانی ئیسرائیل دەکەنەوە تا دوبارە کۆنترۆڵی دۆخەکە بەدەستەوە بگرنەوە.

لە ئەنجامدا، چەندە سەختە بۆ عەرەفات بتوانێت حەماس بوەستێنێت، ئەوەندەش بۆ پێریس و ڕابین سەختە باڵی ڕاست بوەستێنن. ئەمە ڕیزبەندیەکی ڕاستەقینەیە کە لە کۆتاییدا لایەنێک دەبێت لایەنەکەی تر ناچار بکات.

بەڕای من پێویستە هەردوو لایەنی ئایینی توندڕەوی ئەم دوو کۆمەڵگایە شکست بهێنن و پاشەکشەیان پێبکرێت بۆ ئەوەی بتوانرێت ئاشتیە ک بەرقەرا ببێت. بەڕای من ڕێگای ڕاستەقینە گوشار خستنە سەر ئیسرائیلە، یاسر عەرەفات ناتوانێت هیچ بکات و ئەگەر فشار بخاتە سەر حەماس و جیهادی ئیسلامی، دانیشتوانی فەلەستین قبوڵ ناکەن.

تاکە ڕێگا گوشار خستنە سەر ئیسرائیلە بۆ دانانن بە دەوڵەتی فەلەستیندا. تاکە کارێک کە دەکرێت دژ بە تیرۆریزمی ئیسلامی و سیاسەتی داگیرکەر و ئیمپریالیستی کە دژ بە فەلەستین جێبەجێ دەکرێت، پێکهێنانی دەوڵەتی فەلەستینە.

ئەگەر حکومەتی فەلەستین پێکنەهێنرێت، دیسان ئیسلامی سیاسی کە لە ڕووداوەکەی ئەم دواییەدا پاشەکشەیان پێکراو، سەرهەڵدەداتەوە. پێم وایە ئەمریکا و ئیسرائیل ئاو دەکەن بەئاشی تیرۆری ئیسلامی سیاسیدا، هەرووک چۆن تیرۆریزمی ئیسلامی ئاو دەکات بە ئاشی تیرۆریزمی ئەمریکی و ئیسرائیلدا.

ئەمە حەقیقەتی ناوچەکەیە.

**مەنسوور گفتوگۆ لە پاڵتاک، ٢٧ی نۆڤەمبەری ٢٠٠١**

# لە ئۆکرانیاوە بۆ فەلەستین!

عوسمانی حاجی مارف

ڕۆژئاواو ئەمریکا بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندیەکانیان، پێشوازی بێشەرمانەو تەواویان لە دەستدرێژی ئیسرائیل بۆ سەر غەززە کرد، بەمەش بزماری کوشندەیان لەو نەزمە جیهانیەی دوای کۆتایی بلۆکی ڕۆژهەڵات بانگەوازی بۆ دەکەن داکوتا، تەنانەت پێش شەڕی ئیسرائیل بۆ سەر غەززە، نەزمی ئێستای جیهانی بە سەرکردایەتی ئەمریکاو ڕۆژئاوا گەشتی دارمانی خۆی دەستپێکردبوو.

لە نێوان شەڕی ئۆکرانیا و دەستدرێژی ئیسرائیلدا، کاتێک هێرشی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکرانیا لە شوباتی ٢٠٢٢ دەستی پێکرد، سەرکردەکانی نەزمی جیهانی ئێستا، بە لەشکرکێشیەکی شەڕانگێزی وەسفیان کرد، واشنتۆن و هاوپەیمانەکانی هەوڵەکانیان چڕکردەوە بۆ ڕازیکردنی هەموو جیهان بە یەکگرتن لە دژی ڕووسیا.

لۆژیکی ئەمریکی-ڕۆژئاوا سادەو ڕاستەوخۆ بوو بەو مانایەی چۆن جیهان لە تەنیشت خۆیان بوەستێنن، تا سەیری وڵاتێکی گەورە بکەن کە هێرش دەکاتە سەر دراوسێ بچووکەکەی و زەویەکانی داگیر دەکات.

زیاتر لە ١٩ مانگە، ئەوە ڕوون بووەتەوە کە ئەو لۆژیکەی کە ڕۆژئاوا پشتی پێ دەبەستێت بە پشتیوانی ڕەهای خۆی بۆ ئۆکرانیا و سزاکانی بەسەر ڕووسیادا، بەتایبەتی بەداوی پشتیوانیان بۆ هێرشی بەربەریانەی ئیسرائیل بۆ سەر غەززە، لۆژیکێکی پوچ و بێمانای لێدەرهات، بۆردومانکردنی نەخۆشخانەی مەعمەدانی لە ئێوارەی سێشەممە ١٧ی تشرینی یەکەمدا، نموونەیەکی توند بوو لەوەی کە وەک تاوانێکی جەنگی تەواو وەسف بکرێت، لۆژیکی چۆنیەتی وەستانەوەیان بەرامبەر بە ڕووسیا، جگە لە خەجاڵەتی و ڕیسوایی و شەرمەزاری شتێکی تری لێدەرنایەت، هەرئەمەش دنیای نارەزایەتی جەماوەری لە جیهاندا وروژاند، کە تەنها لە وەستانەوە بەرامبەر هێرشی دڕندانەی ئسرائیل بۆ سەر غەززە خۆی پێناسە بکات.

سروشتیە ئەو تاوانانەی کە ئیسرائیل بەرامبەر فەلەستینیەکان لە کەرتی غەززە ئەنجامیداون، لە ڕێگەی هەڵمەتێکی سیستماتیک و ڕێکخراوەوە کە پایتەختەکانی ڕۆژئاوا بەشداریان تێدا کردووە، بەتایبەتی واشنتۆن، لەندەن، پاریس و بەرلین، بە پەرەپێدانی فێڵ و درۆو خستنەگەڕی میدیایەکی بەرفروان، تائەو ئاستەی وەسفکردنی خەڵکی فەلەستین لەڕیزی تیرۆرستاندا بکەنە بیانوی ئەو تاوانە کۆمەڵکوژیانەی ڕۆژانەو بێوەستان لە غەززە بۆ ئامانجی داگیرکاری و کۆنەپەرستانەیان کاری لەسەر دەکەن، ڕاشکاوانەو ڕاستەوخۆ دەڵێن؛ کاتێک فەلەستینیەکان لە غەززە حەماسیان هەڵبژاردوە دەبێت بەرگەی دەرئەنجامەکانیشی بگرن. نەتانیاهۆ بەیانیان و ئێواران بانگەشە دەکات، کە ئاشتی لەگەڵ فەلەستینیەکان پێویست نییە، واتە ئیسرائیل پەیوەندیەکانی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی ئاسایی بکاتەوە، بەبێ ئەوەی لەگەڵ لایەنی فەلەستینی بگاتە هیچ چارەسەرێک.

ئەمریکا و ڕۆژئاوا دروشمی پشتیوانیان بۆ ئیسرائیل بەرزکردەوەو گلۆپی سەوزیان بۆ هەلکرد، تا بتوانێت تۆڵەی کەرامەتی بەفیڕۆچووی و زەلیلبونی خۆی بکاتەوە لەبەرامبەر ئەو شکۆشکاندنەی لە هێرشی حەماسدا بەرەوروی کرایەوە.

لە ماوەی ٤٠ ڕۆژ زیاتریی دەستدرێژی دڕندانەی ئیسرائیل بۆ سەر کەرتی غەززە، نەزمی جیهانی بە سەرۆکایەتی ئەمریکاو ڕۆژئاوا تووشی پاشەکشەیەکی بەرچاوی وێرانکەر بووە لە ئاست ڕای گشتی جیهانیدا، کە جگە لە هاوپەیمانەکانی واشنتۆن، دەگمەن بووە کەسێک بدۆزیتەوە کە پێیوابێت ئەم سیستەمە جیهانیە ئەتوانێ شەرعیەتی متمانەی سیاسی بەدەست بهێنێت. چونکە ئاشکرایە کە یاساکانی تەنها خزمەت بە بەرژەوەندیەکانی ڕۆژئاوا دەکەن، بۆیە زەحمەتە بتوانن لەگەڵ باقی جیهاندا هاوئاهەنگی بکەن و بەڵانسی هاوکێشەی سیاسی لە ناوچەکەو جیهاندا ڕاگرن. بەتایبەتی کە حاڵەتێکی دووفاقی بۆ هەڵوێستگرتن لەسەر شەڕی ئۆکرانیاو شەڕی ئیسرائیل لەلایەن ئەمریکاو ڕۆژئاواوە بە ڕۆشنی خۆی تەعبیردەکات.

هەرئەمەش ئەو ئارگیومێنتە پوچەڵ دەکاتەوە کە دەڵێت "ئیسرائیل مافی ئەوەی هەیە بەرگری لە خۆی بکات". ڕۆژئاوا تەنها سەرنجیان لەسەر ئەو بیروکەیە داناوە کە پێش هێرشی ٧ی ئۆکتۆبەری حەماس، گوایە لە نێوان فەلەستینیەکان و ئیسرائیلیەکان دنیایەکی تەواو ئارام و سەقامگیریان هەبوە، بەڵام ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمزی ئەمریکی ڕاپۆرتێکی بڵاوکردۆتەوەو باس لەوە دەکات کە چۆن حکومەتی ڕاستڕەو و توندڕەوی ئیسرائیل مەترسیەکانی لە ناوچە داگیرکراوەکانی فەلەستیندا زیاد دەکات، ئەمەش لەبەر ڕۆشنایی پەرەسەندنی هێرشەکانی دانیشتوانی ئیسرائیل لە کەناری ڕۆژئاواو دانانی شوێنی نیشتەجێبون لە پێشەنگی فایلەکانی حکومەتدایە.

حکومەتی ئیسرائیل لە قودس و کەناری ڕۆژئاوا بەردەوام بووە لە مامەڵەی خراپ بەرامبەر فەلەستینیەکان، تەنها لەم ساڵدا نزیکەی ٢٠٠ فەلەستینی و سەرکردەکانی ”جیهادی ئیسلامی“ی لە غەززە تیرۆر کردووە.

هەموو ئەم پێشهات و ڕووداوانە هەستی باڵادەستی ڕەهای نەتانیاهوو حکومەتەکەی و سوپاکەی و پۆلیس و دانیشتوانەکەی چەسپاند، تا کۆنترۆڵی تەواوەتی بەسەر باروودۆخی ناوچە داگیرکراوەکانی فەلەستیندا بکەن، هاوکات هاوپەیمانەکانی ئیسرائیل لە ڕۆژئاواو ناوچەکە دڵنیاکرانەوە ئەوەی کە لەم دۆخەدا بەڕێوەدەچێت باشە،

چیتر سەرئێشەی پرسی فەلەستین کاریگەری نامێنێت، بەڵام ئەم داگیرکاریە بەربەریەتەی ئیسرائیل بۆ سەر دانیشتوانی غەززە، کێشەی فەلەستینی بردە قۆناغێکی تری سەریەشە بۆیان، کەدەبێت لەبەرامبەر رای گشتی جیهاندا رێگایەکی تر نیشان بدەن، کێشەی فەلەستین بۆتە مەسەلەیەکی جیهانی و خواستی نارەزایەتیە فروانە جەماوەریەکان لە تەواوی دنیادا، هەرچەندە شەڕی ئیسرائیل لە کەرتی غەززە هێشتا بەردەوامە و کەس نازانێت کەی و چۆن کۆتایی بێت، بەڵام بەمانەیەک دەتوانین ئەوە بڵێین ئەمریکاو رۆژئاواو ئیسرائیل لە ئاکامی ئەم شەڕەدا بەشکستێکی ترەوە دێنەدەرەوە.

ساڵانێکە پەکین و مۆسکۆ نەزمی جیهانی رۆژئاوا بە سەرۆکایەتی ئەمریکا ئیدانە دەکەن و داوای گۆڕینی دەکەن بە سیستەمێکی فرەجەمسەری نوێ کە "دادپەروەرتر" بێت...؟ بەڵام ئەم دۆخەی کە ئیسرائیل بەسەر خەڵکی غەززەدا خولقاندویەتی، ئەو سیستەمە فرە جەمسەریەی بەسادەیی پوچەڵ و بێمانا دەرهێنا، هەروەها دنیای ململانێی قوتبەکان لە ئاستێکی ترو مەیدانێکی تری ئامادەکاریدا دەبن بۆ گەورەبونەوەی ئەو جەنگەی کە ئەگەری هەیە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا فراوان و بەرجەستە بێتەوە.

هێرشە لەناکاوەکەی حەماس کە لە٧ی ئۆکتۆبەردا بۆسەر شارۆچکەکانی ئیسرائیلی دەوروبەری غەززە ئەنجامدرا، چەندین داینامیکی ناوچەیی ناسەقامگیرکردووە کە لە ساڵانی رابردووەوە لە ئارادا بووە.

یەکەم : دیارترینیان ئەو تێروانینە هەڵەیە بوو کە گوایە پرسی فەلەستین چیتر جێگای سەرنجی دانیشتوانی وڵاتانی عەرەبی نەماوە، گوایە گەیشتن بە سەقامگیری لە ناوچەکەدا بەبێ چارەسەری کێشەی فەلەستین مومکینە، لەکاتێکدا کە فەلەستینیەکان لە ژێر بارگرانیەکی بەربەری ئیسرائیلیدا دەناڵێنن. کاردانەوەی جەماوەری بۆ ئەوە هات کە پرسی فەلەستین و ئەو نادادپەروەرییانەی کە فەلەستینیەکان بەدەستیەوە دەناڵێنن، هێشتا هێمایەکی سیاسی بەهێزی هەیە کە توانای هەڵگیرسانی شەپۆلی گەورەی تورەیی لە سەرانسەری جیهانی عەرەبیدا لەخۆدەگرێتەوە، کەدەرکەوتەکەی زیاتر لە هەر پرسێکی دیکە هاتۆتەوە مەیدان.

ناڕازیبوونی بیروڕای گشتی دانیشتوانی وڵاتانی عەرەبی لە مامەڵەی خراپ و پێشێلکاریەکانی ئیسرائیل بەرامبەر بە فەلەستینیەکان تەنانەت پێش ٧ی ئۆکتۆبەریش بەشێوەیەکی بەرچاو دیاربوو، بەڵام ئەو رووداوانەی ئەمڕۆ لە غەززە روودەدەن، هەستی نارەزایەتی لە ناوچەکەدا زیاترکردووە. ئەوەی جێگای سەرنجە هاوتەریب لەگەڵ ئەوەشدا، پەرەسەندنی مەزاجەکانی دژە رۆژئاواش دەبینرێن، لەئەنجامی ئەو پشتیوانیە بێمەرجەی کە ئۆپەراسیۆنەکانی بۆردومانی ئیسرائیل بۆسەر کەرتی غەززە لەچوارچێوەی هەوڵەکانی بریاردانی ئەمریکا و زۆرێک لە وڵاتانی ئەوروپای رۆژئاوادا بەدەستی هێناوە.

کەواتە فەلەستین گەراوەتەوە پێشەنگی گۆڕەپانی نێودەوڵەتی و ناوەندی گوتاری گشتی، لە ژێر رۆشنایی پەرەسەندنی زەبری بانگەوازەکان بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی سیاسی دادپەروەرانە بۆ پرسی فەلەستین، واتە جارێکی دیکە بەرەو جێخستنی چارەسەری دوو دەوڵەتی لە بەرامبەر رۆشنایی سیاسەتەکانی ئیسرائیل کە یەک دەوڵەتیان لەسەر بنەمای ئاپارتاید دامەزراندووە.

دووەم: ئاسایکردنەوەی پەیوەندیەکانی نێوان سعودیە و ئیسرائیل هێشتا لە دانوستاندا بوو کاتێک هێرشەکە روویدا، بەڵام هێرشی دڕندانە بۆسەر غەززە بووە هۆی راگرتنی ئەو دانوستانانە بۆ ماوەیەکی نادیار. ئەو وڵاتانەش کە پێشتر رێککەوتنیان لەگەڵ ئیسرائیل واژۆ کردووە، لەبەرامبەر داگیرکاری غەزەدا سەرسام ماون و تارادەیەکی زۆر لە چاوەڕوانی ئەو ئاڵوگۆڕانەدان کە دوای جەنگ پێشهاتەکان چی دەنوێنێت.

سێیەم: راگرتن و دواخستنی ئەو هەوڵانەی بۆ ئارامکردنەوەی ناوچەکە هەوڵی بۆئەدرێت، کە سی ساڵ زیاترە لە ناجێگیری و گێژاوی سیاسی بەسەردەبات، لە نمونەی نزیکبوونەوەی نێوان سعودیە و ئێران، دیالۆگ و دانوسەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران، هەمو ئەوانە چونە ناو ئایندەیەکی نادیارەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم دۆخە هەمووی جیهانی پاڵناوە بۆ ئەوەی لە لێواری ململانێیەکی ناوچەیی و رەنگە جیهانیدا بلەرزێنێت.

لەراستیا لەم دۆخە دژوارو ناهەموارەدا، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناتوانێ تاسەر بەردەوام بێت لە بێدەنگی و چاوپۆشیکردن لە سەلماندنی مافە سیاسی و مرۆییە رەواکانی خەڵکی فەلەستین، لەکۆتاییهێنان بە داگیرکاری ئیسرائیل بۆسەر غەززە، دواتر چاوەڕێی ئەوە بکەن کە لایەنی فەلەستینی بە ملکەچی بمێنێتەوە. راستیە زەقەکەی ئەمرۆ ئەوەیە کە فەلەستینیەکان لەگەڵ تێپەربونی کاتدا داگیرکاری و رەگەزپەرستی و ئاپارتایدی ئیسرائیل بە هیچ جۆرێک قەبوڵ ناکەن، بەڵکو ئەمرۆ دەیسەلمێت کە فاکتەری کات لە بەرژەوەندی گەیشتن بە خواستەکانیان کاردەکات.

حکومەتی ئیسرائیل ئەمرۆ لە لوتکەی فاشست بون و توندرەوی و رەگەزپەرستیدایە، هیچ هەنگاوێک نیشان نادات بۆ ئامادەیی هەرجۆرە دانوسانێک بۆ وەستانی ئەم هێرشە دڕندانەیەی.

سەبارەت بە دەسەڵاتی فەلەستین، لاوازیەکەی لەبەرامبەر ئەو کارانەی حەماس کردوویەتی زیاتر بون و ناتوانێت ئیدیعای نوێنەرایەتی راستەقینەی خۆی بۆ گەلی فەلەستین دەربرێت. لەهەمانکاتدا بایدن و ئەمریکاش هیچ نیازێکیان نییە و هیچ هەوڵێکی سیاسی نادەن ببێتە هۆی کۆتاییهێنان بەم داگیرکاریە.

هەرچەندە دۆخەکە لەبەردەم ململانێیەکی نوێدایە، بەڵام خەڵکی فەلەستین هەست بە هیچ ئاسۆیەکی سیاسی ناکەن، بەڵام رای گشتی نارەزایەتی بەرفراوان و ناکۆکیەکانی ئەم شەرە لە درێژخایەندا رەهەندی دیمۆگرافی بە شێوەیەکی ئەرێنی خۆی لە بەرژەوەندی فەلەستینیەکان دەسەپێنێت.

## کۆمیتەی سلێمانی کۆڕێک بۆ عوسمانی حاجی مارف، سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی سازدەکات!



ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٨/١١/٢٠٢٣ کۆمیتەی سلێمانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان کۆڕێکی بۆ "عوسمانی حاجی مارف" سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حزب ساز کرد لە هۆڵی "ڕێکخراوی ئازادبوون" بەناونیشانی "جەنگی ئیسرائیل بۆ سەر غەززە". لەم سمینارەدا ڕیشەکانی ئەم جەنگەو ئامانجی لایەنە دەرگیرەکان و کاریگەری و لێکەوتەکانی بۆسەر دۆخی ناوچەکەو هەڵوێست گرتن لەم جەنگە خرایە بەرباس. سەرەتای کۆڕەکە لەلایەن عوسمانی حاجی مارفەوە ئاماژە بەوەکرا کە مەبەستی لەم کۆڕە ئەوەیە، وەک بەشێک لەناڕەزایەتیە جەماوەریە جیهانیەکان هەڵوێستی خۆی نیشان ئەدات بەرامبەر بەو ڕوداوی کۆمەڵکوژیەی لە غەزە بەرێوەدەچێت لەلایەن ئیسرائیلەوە بەناوی بەرگریکردن لەخۆوە، کە جێگای پشتیوانی بیقەیدوشەرتی دەوڵەتانی ئەمریکاو ڕۆژوایە. هەروەها لەلایەکی ترەوە ئاماژەی بەوەشکرد کە ئەم سیمینارە زیاتر ڕونکردنەوەی ئەو لایەنەیە کە ئەم شەڕە جەخت لەسەر داگیرکاری ئیسرائیل لەسەر غەزە دەکات و ئیسرائیل وەکو تاوانباری سەرەکی لەم کێشەیەدا دەبینێ . ئەوەی دەگەڕێتەوە سەر بزوتنەوەی حەماس، تەنها بیانویەکە بەدەست ئیسرائیلەوە بۆ کوشتاری خەڵکی فەلەستین و دوورخستنەوەی پرسی چارەسەری فەلەستین و دروستکردنی دەولەتی فەلەستین هاوشانی دەوڵەتی ئیسرائیل.

شایانی ووتنە بەشداربوانی کۆڕەکە بەگەرموگوڕیەوە سەرنجەکانی خۆیان خستەڕوو و کۆمەکیان کرد بە ڕونکردنەوەی زیاتری لایەنەکانی باسەکە.




ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ١٦/١١/٢٠٢٣ بڵاوکراوەی "دەنگی کرێکار" و بەسپۆنسەری "بازیان میدیا" پانێڵێکیان سازکرد لەژێرناونیشانی " بەرەو ژیانێکی باشتر بۆ کرێکاران" .

بەشداربوانی پانێڵەکە، بریتی بوون لە وەستا مەهدی ڕەسوڵ سەرنوسەری بڵاوکراوەی دەنگی کرێکار، پاریزەر ئەرکان حەسەن و توێژەر چاوان ڕەئوف.

پانێڵەکە لە کتێبخانەی گشتی شارۆچکەی بازیان بەڕێوەچوو. ژمارەیەک لە کرێکاران و لایەنگران و هەڵسوڕاوانی کرێکاری بەشداری گفتوگۆکەیان کرد و بە پرسیار و سەرنجەکانیان باسەکانیان هەمەلایەنتر کرد.




**بەهرەمەندبوونی کرێکارانی کوردستان لە یاساکارێکی پێشڕەو و هاوچەرخ مەسەلەیەکی دەستبەجێی و هەنووکەییە بۆ پاراستنی ژیان و کەسایەتی و دابینکردنی مافەکانی کرێکاران!**